# هەڵوێست لە ئەمریکا

حەسەن سەید محەمەد
saed_hasan@yahoo. Com

خەڵکی کوردستانو هێزە سیاسیەکانیو حکومەتەکەی لە مەسەلەی لێدانی عێراق بەرادەیەك پشتیوانی ئەمریکا بوون کە دەتوانم بڵێم لە هیچ کام لە ولاتانی ناوچەکەو بگرە جیهانیش هیچ میلەتێك هێندەی کورد بە جەماوەرو حکومەتەوە لایەنگری ئەمریکاو سیاسەتی نەبووە لە عێراقدا، دیارە ئەم هە لوێستەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو راستیەی کە کورد یەکەمین قوربانی حکومەتی بەعسیەکانی عێراق بووە و یەکەم سودمەندی لە ناو چونەکەشی بووە، ئەگەر ئەو هەڵوێسستەش هەڵسەنگێنی، ئەوە کورد باشترین هەڵوێستی سیاسی گرتۆتە بەر وئاماژەشە بۆ ئەو راستیەی کە کورد بەپێچەوانەی رابردووەوە لە پێداوستی سەردەمەکەی تێگەیشتووە.

ئەو پشتیوانیو هاوپەیمانییە بە گرێدان بەوهەموو قوربانیەوە کە کورد بۆ ریسواکردن و دەرخستنی درندەی ئەو رژێمە داویەتی (لەکاتێکدا خودی ئەمریکا پشتیوانی رژێمی بەعس بووە و چاوی لە رەفتارەکانی پۆشیوە کورد بە گژ ئەورژێمەدا چوەتەوە) ، ئەو حەقە بەکورد دەدات کە بەدەنگێکی دلێر وە بە بێ چەمانەوە و سڵکردنەوە داوای مافەکانی خۆی بکات، دیارە ئێستاکە نارۆشنیەکی زۆر لە وەدا هەیە کە ئایە کورد لە عێراقی ئایندەدا چی پێدەدرێ، چۆن مافەکانی دەسەلێندرێت، ئەمریکیەکان جگەلەوەی لە چەند مناسەبەیەکدا باسیان لەفیدراڵی کردووە (ئەویش بەنارۆشنی) هیچ گفتێکی تریان بەکورد نەداوە، بەداخەوە سەرکردایەتی کوردیش ئەوانەی بەهەرشێوەیەك لە شێوەکان ئەمرۆ بەناوی کوردەوە قسەدەکەن و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت جگە لەوەی جەماوەری کوردستان لە راستیەکان ئاگادارناکەنەوە هێندەش سەرقاڵی سەلماندنی عراقی بوونی خۆیانن خەریکە مەسەلە کوردییەکەیان لەبیر دەچێتەوە.

هەموو چاودێرانی سیاسی جەخت لە سەرئەوە دەکەنەوە کەلە هیچ سەردەمێکدا دەرفەتێکی لەوشێوەیەی ئێستا بۆ کورد نەهاتۆتە پێشەوە، کەچی کورد خۆی لەداواکردنی مافەکانی وە لە خۆرێکخستن بۆ بەدەست هێنانی، هەلوێستێکی نەگەتیڤی هەیە. کورد بە پێچەوانەی عەرەب بە چەپکە گوڵ پێشوازی لە ئەمریکا کرد، بەلام ناکرێت واز لە خەبات بهێنینو چاوەڕوانی دەستی ئەمریکابین تا مەرحەمەتی خۆیمان بەسەرداببارێنێ، سەرکردایەتی سیاسی کوردی وەك هەمیشە خەریکی ساتو سەودای خۆیانن، ویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەبەرچاوناگرن و هیچ حورمەتێکی بۆ دانانێن، هەموو رۆژێك خەلکی دەهێننە سەر شەقامەکان بۆ پێشوازی ئەم بەرپرسە ئەمریکیەکان بە (گوڵ) لەکاتێکدا حەق وایە لەگەڵ هاتنی هەر بەرپرسێکی ئەمریکیدا بۆ کوردستان خۆپشاندان لەژێردروشمی مافی دیاری کردنی چارەنووس گشت لایەکی کوردستان بگرێتەوە.

کورد لە پێناوی بەدەست هێنانی (مافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا) بەگوڵ پێشوازی لە سوپای ئەمریکا کرد، جەماوری کوردستانیش مافی خۆیانە بپرسن داخۆ ئەمریکیەکان چیمان بۆدەکەن وە لەسەرکردایەتی سیاسیش بپرسن کە لەو هەموو کۆبونەوانەدا کە لەگەڵ ئەمریکیەکان دیکەن بەچی گەیشتوون.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.